# هیوایەک بۆ هونەری منداڵان

تاریق کاریزی

هیوا عەبدوڵا جەواد، بەکالۆریۆسی لە هونەری شێوەکاری هەیە و لە قوتابخانەیەکی کەرکووکدا مامۆستای هونەرە.

ئەم هونەرمەندە ئەزموونێکی هونەریی لە نێو خانەوادەکەی خۆیدا پیادە کرد. ئەو (٧) منداڵی کۆ کردەوە، دوو پارچە پلێتی خستە بەر دەستیان. دوای ئەوەی ڕێنمایی کردن، بۆیاغ و ڕەنگی خستە بەر دەستیان. ڕێی ئازادانە کارکردنی بۆ واڵا کردن.

(ناز، دیاری، لارە، پەنا، پەیلە، هۆمایۆن، بێتا)، ئەو حەوت منداڵە بوون کە بە خەیاڵ و ئەندێشەی منداڵانەی خۆیانەوە، بە هێڵ و ڕەنگ کەوتنە نەخشاندنی خەون و خولیاکانی خۆیان لە سەر ئەو جووتە پلێتە. هیوای باوك و مامۆستا، ختووکەی لایەنی گەش و جوانی خەونی ئەو منداڵانەی داوە، بۆیە زیاتر خەیاڵ و ئەندێشەی ئەوان بە لای گوڵ و مرۆڤدا چووە. واش پێدەچێ پێشەکی ڕووبەری هەردوو پلێتەکەی بە ڕەنگی سپی بۆ ئامادە کردوون، پاشان کەرەستە و ئازادیی کارکردنی بۆ منداڵەکان ڕەخساندووە. دوو ڕەنگی (ڕەش و زەرد)ی خستوونەتە بەر دەست، لەمەشدا هونەرمەند زرنگیی نواندووە، چونکە خەیاڵی بێگەردی منداڵ، لە ڕووی ڕەنگ و فۆرمەوە، شت و ڕواڵەتەکان بە سادەیی دەبینێ.

ئەو حەوت منداڵەی بەشدارییان لە سیمپۆزیۆمێکی نێوماڵی هونەرمەندێکدا کردووە،





مانۆڕی خۆیان بە قەڵەم ماجیکی ڕەش و بۆیەی زەرد کردووە. مانۆڕێکی خۆڕسکی منداڵانە، بەڵام بەهادار لە ڕووی هونەرییەوە، واتادار لە ڕووی پەروەردە و دەروونییەوە. هاندان و ڕێنمایی بەردەوامیی مامۆستا هیوا، بڕست و ئازایەتیی ئەوەی پێ داون، درێژە بە مانۆڕ و نەخشاندنەکەیان بدەن. ئەو منداڵانەش ئیدی بە ماجیکی ڕەنگ ڕەش فۆرمیان دیاری کردووە و فیگەری سادەی گونجاویان بە هۆش و بیری خۆیان نەخشاندووە، پاشان بە بۆیەی ڕەنگ زەردیش فۆرمەکانیان پڕ کردوونەتەوە. بۆیە هیوای هونەرمەند دوو ڕەنگی بۆ دیاری کردوون، یەك تاریك و ڕەش، یەکیش ڕووناك و گەش، چونکە لەگەڵ هزر و خەیاڵدانی سادەی منداڵدا دەگونجێن. منداڵان بە ئەندیشەی سادە و بێگەرد و سەرەتایی خۆیان، وەك گوتمان، دنیا بە سادەیی دەبینن، بێگەردانە لە دەوروبەر دەڕوانن. ژیان و ژینگە بە لای ئەوانەوە، هێندە ئاڵۆز نین، وەك ئەوەی ئێمەی گەورە دەیبینین.

وا پێدەچێ هیوا ویستوویەتی لایەنانی گەش و پرشنگدار و ڕووناکی ژیان، لە نێو تۆڕی هەست و نەستی ئەو منداڵانە بجووڵێنێ و لە ژیانی جەنجاڵی ئەم سەردەمە، بۆ کەم ساتێ دووریان بخاتەوە، ئەو سەردەمەی کە تێیدا تەکنەلۆژیا و ئامرازی گەیاندن دڕی بە هەموو کەلەبەرێکی ژیانی مرۆڤ داوە. سەرباری ئەوەی ژیان لە نێو شارێکدا کە لە ڕەوشێکی نائاساییدایە، تەماوی و لێڵ دەبێت، ئیدی ئەمانە هەموو دەبنە مایەی پەشێوی و دروستکردنی نیگەرانی لە نێو دڵ و دەروونی مرۆڤدا، چ گەورە بێت، یان گچکە. لەم ڕووەوە هیوای هونەرمەند زیرەك و زرنگانە ئەو تیمەی «هونەرمەندانی وردیلە»ی بزواندووە، تا ڕووی گەشی ژیان بخوێننەوە، هیوایان لە نێو دڵدا ببووژێنێتەوە، هەر بەرهەمی ئەو ڕووە گەشەش دواتر و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، پیشانی دانیشتووانی گەڕەك بدرێت. هەردوو پلێتەکەی نەخشین بە بەرهەمی ئەو تیمە، لە دەرگای حەوشەیماڵەکەیان قایم دەکرێن.

پێموایە هیوا بەم ئەزموونەی چەند ئامانجێکی هونەری و پەروەردەیی پێکاوە. زۆر گرنگە ئەو (٧) منداڵە دواتر ببینن، کە بەرهەمی دەست و زادەی بیر و ئەندێشەی ئەوان، دەرگای حەوشەی ماڵەکەیان دەڕازێنێتەوە. ئەم کار و هەنگاوە، هۆش و هەستی منداڵەکان بەو ئاراستەیەدا دەبزوێنێ، کە بەڵێ شار و ڕواڵەتەکانی شارستانیەتی نێوی، زادەی ڕەنج و داهێنانی مرۆڤن. مرۆڤیش چ گەورە بێت، یان بچووك، دەتوانێ لە ئاستی بەرپرسایەتیدا بێت، کەسێکی سوودمەند و بەرهەمدار و ئەرێنی بێت.

خاڵێکی دیکەی گرنگ لەم پرۆژەیەدا، پیشانی دەدات کە هونەر بەشێکە لە ژیان، لە هەڵسوکەوت و وردەکاریی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤیشەوە نزیکە. بەرهەمی هونەری دەکرێ بە شایستەیی و ڕێزەوە، ماڵ، کۆڵان، شەقام، مەیدان، گەڕەك، ڕێ و بان، شار و گوند جوانتر بکات.









# نهێنیی نەخۆشییەکەی گاگا ئاشکرا بوو

گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی لیدی گاگا لە ناکاو و بێ ئەوەی هۆکارەکەی دیاری بکات، گەشتێکی هونەری خۆی بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپی دواخست، ئەمەش بووە مایەی دڵتەنگیی هەوادارا و عاشقانی دەنگی گاگا لە ئەوروپا تووشی شۆك كرد.

چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە هۆکاری دواخستنی ئاهەنگەکەیان بۆ تووشبوونی گاگا بە نەخۆشییەك گەڕاندەوە کە بە (Fibromyalgia) ناسراوەو ماوەیەکە تووشی بووە و ئێش و ئازارێکی زۆری بەتایبەتی لە ماسوولکەکانی بۆ دروست کردووە. ئەم نەخۆشییە تووشی هەموو تەمەنەکان دەبێت، بەتایبەتی لە نێوان ٢٠-٥٠ساڵی و دەبێتە هۆی ئازارێکی زۆر لە شانەکان و ماسوولکەکانی ئەژنۆ و بەستەرەکان.

لە بارەی هۆکاری تووشبوون بەو نەخۆشییە پزیشکان دەڵێن پەیوەندیی بە بۆماوەییەوە هەیەو ڕێژەی تووشبوونیشی لە نێوان خزمانی پلە یەك زۆرە، هەرچەندە تا ئێستا هۆکاری سەرەکی تووشبوون بەم نەخۆشییە شاراوەیە، بەڵام بەشێك لە زانایانی بواری پزیشکی دەڵێن لە ئەنجامی چەند هۆکارێکی پەیوەست بە بواری دەروونی و جینییەوە تووشی مرۆڤ دەبێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بڕیار وابوو گاگای تەمەن ٣٢ ساڵ لە (٤)ی ئەم مانگە ئاهەنگەکانی لە لەندەن دەست پێبکات و چەند وڵاتێکی دیکەش بگرێتەوە، بەڵام کۆمپانیای بەرهەمهێنانی کارەکانی گاگا ڕایگەیاند بە هۆی هەست کردنی بە ئازارێکی زۆر ناچار بوون ئاهەنگەکان دوابخەن.

# کروز لە دیمەنێکی سەرکێشی هەلیکۆپتەری راستەقینە لێدەخوڕێت



تۆم کروزی ئەستێرەی سینەمایی بەوە ناسراوە کە فیلمەکانی هەمووی سەرکێشییە، بەڵام ئەو نەك تەنیا لە فیلمەکانیدا، بەڵکو لە ژیانی ئاسایی خۆیشیدا حەز لە کار و دیمەنی سەرکێشی دەکات، چونکە خۆی یەکێکە لەو ئەکتەرە دەگمەنانەی کە زۆربەی گرتە ترسناکەکانی خۆی ئەنجامی دەدات و پشت بە بەدەلکار نابەستێت بەتایبەت ئەو دیمەنانەی مەترسییان تێدایە. ترسناکترین دیمەنەکانی ئەوەیە کە لە دوایین بەشی زنجیرە فیلمەکانی (میشن ئەمپوسیبڵ ) ئەنجامیدا، بریتی بوو لە لێخوڕینی هەلیکۆپتەر کە ئەمەش بەپێی قسەکانی کریس ماك کویریی دەرهێنەری فیلمەکە یەکەم جارە لە مێژووی هۆلیۆددا روودەدات.

بەر لە چەند رۆژێك تۆم کروز لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر تویتێکی نووسیبوو لەگەڵ ڤیدیۆیەك کە ماوەکەی دوو خولەکە لە کاتی ئەنجامدانی مەشقەکانی لیخوڕینی هەلیکۆپتەر و ئەو تەکنۆلۆژیایەی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنراوە، هەر لە ڤیدیۆکەدا مارك وولفی راهێنەر دەردەکەوێت لەو کاتەی کروز فێری بنەماکانی ئەو کارە دەکات کە پێویستی بە بەهرەیەکی زۆرە و بەپێی قسەکانی وولف ئەم کارە: ئەم کارەی کروز ئەنجامی دەدات، زۆر کەس باوەڕ ناکات بە هۆی ئەوەی زۆر زەحمەتە.

رێکخەری دیمەنە ترسناکەکان وید ئیستۆد دەڵێ: کروز پێداگری لەوە کردەوە کە پێویستە گشت دیمەنە ترسناکەکان بەشێوەیەکی سروشتی تۆمار بکرێن بەبێ پشتبەستن بە سکرینی سەوز، یان کۆمپیوتەر و کارتێکەرە تایبەتەکان، چونکە نایەوێ فێڵ لە بینەرانی خۆی بکات و دەیەوێ جەماوەر خۆی جیاوازی بکات لە نێوان دیمەنە راستەقینەکان و دەستکردەکان.

کروز بۆ ئەنجامدانی ئەم دیمەنانە و لێخوڕینی هەلیکۆپتەر بەشداری لە چەند خولێکی مەشقی تایبەتی کرد کە زیاتر لە ٢٠٠٠ کاتژمێر فڕینی خایاند بەر لە ئەنجامدانی دیمەنە راستەقینەکە.



# هۆما قورەیشی روو لە بیزنس دەکات

خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد هۆما قورەیشی وەك بەشێکی زۆری ئەستێرەکانی بواری سینەما و نواندن لە جیهان خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی روو لە بوارێکی دیکە بکات، جگە لە بواری نواندن، ئەویش بیزنسە بە پشتبەستن بەو ناوبانگەی لە سینەما پەیدای کردووە.

هۆما بە نیازە روو لە بواری جلوبەرگ و مۆدە بکات لە رێگای بەرهەمهێنانی مارکەیەکی جلوبەرگی تایبەت بە خۆی، بەپێی ماڵپەڕی Bollywood hungama کە لە سەرچاوەیەکی نزیك لە هۆما هەواڵەکەی گواستۆتەوە. ئەو خانمە ئەکتەرە هەوڵ دەدات مۆدە بکاتە بابەتێك کە بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بەردەست بێت نەك تەنیا بۆ چینێکی دیاریکراو، ئەم پرۆژە تازەیەی هۆماش دەستپێشخەرییەکی نوێیە لەو بوارەوە و پێیوایە دەرفەت بە کچان دەدات بەتایبەتی بچووکەکان کە بە نرخێکی گونجاو ئەوەی حەزی لێدەکەن لە بواری مۆدە بە ئاسانی دەستیان کەوێت.

لە بارەی ئەم دەستپێشخەرییەوە هۆما دەڵێ: مۆدە و جلوبەرگی نوێ و جوان تەنیا بۆ چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا نییە، چونکە زۆر لە کچان لە سەرتاسەری هیندستان ئارەزوو دەکەن جلوبەرگی نوێ و جوان بپۆشن، جلوبەرگیش بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەر کەسێکە کە بیەوێ باش و جوان بێت،من دەمەوێ هێڵێك دەست پێبکەم بۆ ئەو کچانەی کە لە قوتابخانە و کۆلێژەکانن و ئەو کچانەی کار دەکەن و دەیانەوێ بڕوای زیاتریان بە خۆیان هەبێت.

شایەنی باسە بەشێك لە کەسایەتییە ناسراوەکان بۆڵیۆد روویان لەو بوارە کردووە لەوانە سۆنام کاپور و ریا کاپوری خوشکی و ئەنوشکا شارما لەگەڵ سانی لیۆن، هەروەها سیدهارت مالهۆترا.

# کەی خەمێک لە هونەرمەندە بێنازەکان دەخورێ؟



فەرهەنگ غەفوور

هونەرمەندان، نووسەران، رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کورد، لە رۆژگارێکی زووەوە دەستیان داوەتە خزمەتی گەلەکەیان و بەو بەهرە و چالاکی و زانیارییەی کە لەخۆیاندا شکیان بردووە، دریغییان لە هەوڵ و ماندووبوونی بەردەوام نەکردووە.

ئەو چین و توێژانەی کۆمەڵگەکەمان، کە ئەرکێکی پیرۆز و قورسیان خستۆتە سەر شان، لە هەر بارودۆخ و سەردەمێکدا و لەژێر هەر ئابلۆقە و سەختی و دژوارییەکدا دەستبەرداری مەهامی خۆیان نەبوون و ئەوەندەی لەتوانایاندا بووبێ، تێکۆشاون و بەرچاوی گەلەکەیان رووناک کردۆتەوە. رەنگە بێبەشترین چین و توێژیش بن لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، بەتایبەتەی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری کە نەیانتوانیوە بژێوی ژیانی خۆیان و خانەوادەکانیان لە دەسکەوت و بەرهەمەکانیان پەیدا بکەن، چونکە هێشتا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەستکەوتی ماددیی و بژێویی ژیان لەسەر بەرهەم و داهێنانەکانیان نەبووەتە کولتوور و یاسا و نەهاتووەتە دی و دەرفەتی سوودوەرگرتن لە بەرهەم و رەنجی خۆیان بۆیان، یان بۆ بەشی زۆرینەیان فەراهەم نەبووە. تا ئەو کاتەی کە هونەرمەندەکە، یان رۆشنبیر و نووسەرەکە بەهۆی بەتەمەنداچوون و باری ناجێگیری تەندروستی و نەداری، دەکەوێتە ماڵەوە و نەخۆش و پەککەوتە ئاهی سارد هەڵئەکێشێ، بێ ئەوەی بەرهەمی تەمەنێک لە ژیانی هونەریی خۆی چنیبێتەوە، یان دامەزراوەیەک هەبێ لا لە ژیانی بکاتەوە و خەمی ژیان و تەندروستی بۆ بخوا و ئەرکی چارەسەری و فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی ژیان بۆ خۆی و خانەوادەکەی بخوازێ.

لە وڵاتی ئێمەدا، کە دامودەزگا و ئەکادیمیا و رێکخراو و دامەزراوەی جۆراوجۆر هەن و بەتایبەتی لە چەند ساڵی رابردوودا ئیمکانیەتێکی زۆر باشیان لەبەردەستدا بوو، نەیانتوانی بە شێوەیەکی سیستماتیک ئەو داهات و ئیمکانیەتە زۆرە بخەنە خزمەت پرۆژەکان و لە بەرهەمی پرۆژەکانیش (تامین صحی) و ژیانێکی شەرافەتمەندانە بۆ ئەو رێبوارانەی رێی جوانکردنی ژیانی کۆمەڵگە دابین بکەن.

ئەمرۆ سەر بەهەر گەرەک و شارێکدا دەکەیت، دەیان هونەرمەند و نووسەر و رۆژنامەنووسی بە ئەزموون دەبینی کە لە کونجی ماڵەوە کەوتوون و دوا رۆژەکانی ژیانی خۆیان بە نەهامەتی و نەبوونی و دەردەسەری بەرێ دەکەن، ئەوانە کە رۆژگارێکی درێژ بێ پسانەوە و بەو پەڕی وزە و تواناوە شانیان دابووە بەر خزمەت و پێگەیاندنی نەوەی نوێ، ئەمرۆ بێکەس کەوتوون و نازانن هاوار ببەنە بەر کێ و کام دەزگا و دامەزراوە، کە خەمێکیان لێ بخوا و بە پیر داوا و داخوازیەکانیان بچێ، هەر نەبێ ئەوانەی نەخۆشن و کەوتوونەتە ناو جێگا، ئەرکی چارەسەری و داودەرمانیان بۆ بکێشرێ و مووچەیەکی خانەنشینی شایستەیان پێ بدرێ، بۆ ئەوەی لەو تەمەنی پیری و بێ هێزییەدا چاویان لە دەستی کەس نەبێ و دوارۆژەکانی ژیانیان بە ئاسوودەیی و ئارامی بەرێ بکەن و هەستیش بکەن کە ئەو ئەرک و ماندووبوونەی ساڵەهای ساڵ کێشاویانە، بێ هوودە نەبووە و رەنج بە خەسار نەبوون.

بەهار حەسکۆ:

# خۆشحاڵم بەوەی کە توانیومە بە زیاتر لە ٢٥ زمان گۆرانی بڵێم

ڕۆژئاوای کوردستان هەمیشە شوێنی هەڵکەوتنی هونەرمەندی دەنگخۆش و بەتوانا بووە کە ناویان لە مێژووی هونەری کوردیدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە و نەك تەنیا لەو پارچەیەی وڵات کە قسەکردنیشیان لێ قەدەغی بووە، بەڵکو لە پارچەکانی دیکەش هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی هونەری کوردی و زمانی ڕەسەن لە نێو نەوەکانیادا، بەهار حەسکۆ خەڵکی شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستانەو یەکێکە لەو کچە بەتوانایانەی کە سەرەڕای تەمەنی کەمیی هونەریی خۆی توانیویەتی شوێنی خۆی بکاتەوە و چاوەڕێ دەکرێ لە داهاتوودا بتوانێت بە دەنگە بەسۆز و ڕەسەنەکەی خزمەتێکی زۆر بە هونەری کوردی بکات. بەهار ئێستا لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە، سەرەڕای ئەوەی هێشتا سەرقاڵی خوێندنە، بەڵام خۆشەویستییەکەی بۆ هونەر و گۆرانی وای لێکردووە کە گرنگییەکی زۆر بەو بوارە بدات و لە پاڵ کار و خوێندن پەرە بە توانا هونەرییەکانی خۆی بدات.

هونەرمەندانی کورد هەمیشە بە دەست گرفتە جۆراوجۆرەکانەوە دەناڵێنن، وەك نەبوونی موزیسیان و زۆریی خەرجییەکانی تۆمارکردنی کلیپ و بەرهەم، بەڵام بەهار رایەکی پێچەوانەی زۆربەی هونەرمەندانی دیکەی هەیە و لەم ڕووەوە دەڵێ: منیش زۆر گوێم لەوە دەبێت کە هونەرمەندان گلەیی دەکەن لە هەبوونی گرفت بۆ هونەرمەندان لە ئەوروپا، بەڵام وەک کچە هونەرمەندێك وای نابینم کە کاری هونەری لە ئەوروپا بەو شێوەیە سەخت بێت، هەرچەندە من ئێستا گرنگیی زیاتر بە خوێندن دەدەم، بەڵام وەک لە بواری هونەرییەوە دەرگای زۆر لەبەردەمم کراونەتەوە، میللەتانی ئەوروپاش زۆر حەزدەکەن گوێیان لە شتێکی نوێ بێت و ئاشنای هونەر و کەلتووری بیانی بن، گوتنی گۆرانی فۆلکلۆر و ژەنینی تەمبوور وایکرد زیاتر هانم بدەن بە جۆرێک لە ماوەیەکی کەمدا ئێستا لە نێو کورد و سویدی و تەنانەت عەبەرەکانیش ناوبانگم پەیدا کردووە.

سەبارەت بە گۆرانیوتن بە زمانی بیانی و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی لەسەر هونەری کوردی بەگشتی و خودی هونەرمەندان بە شێوەیەکی تایبەتی بەهار دەڵێ: ئێستا هونەرمەندانی کورد لە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و ئاساییە بکەونە ژێر کاریگەری هونەری وڵاتانی تر، بەڵام من زیاتر بە زمانی کوردی گۆرانیم وتووە، میللەتانی ئەوروپا حەز لە کەلتووری میللەتانی دیکە دەکەن، کاتێک بە تەمبووری کوردی و بە شێوازی کرمانجی گۆرانی سویدیم گوت پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد و ناوبانگێکی باشم دەرکرد و لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانیان کاری هونەریم ئەنجامدا و کۆنسێرتم ساز کرد، و بە پێچەوانەوە ئەوان زیاتر بە من کاریگەر بوون.

دەربارەی گرنگی خوێندنی هونەر بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەڵێت: من بۆ ماوەی شەش مانگ کۆرسی فۆلك ستران و موزیك لە زانکۆی شاهانەی سوید لە ستۆکهۆڵم خوێندووە کە یەکێکە لە زانکۆ ناسراوەکانی جیهان، هەروەها بەشداریم لە زۆر کۆراڵ کردووە بە چەندین زمان ئەمانەش کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر منەوە هەبوو و کاتێك هاتمە شاری یۆتۆبوری لە سوید پەیوەندیم کرد بە لە کۆراڵی جیهانی خانەی ئۆپێرا، ئەمەش وایکرد کە جگە لە زمانی کوردی بە چەندین زمانی دیکەش گۆرانی بڵێم و لەوێ زۆر هاوکاری ئێمەیان دەکرد لە هەموو ڕوویەکەوە، هەر لەوێ بە تەمبوورەکەم گۆرانیم پێشکەش دەکرد، ئەوە بووە جێی سەرنجی سویدییەکان، هەروەها خۆشحاڵم بەوەی کە توانیومە بە زیاتر لە ٢٥ زمان گۆرانی بڵێم.

